پەرلەمانتارەکی لیژنەی دارایی:کێشەی موچەی لە هەرێمی کوردستان بە تەواوی چارەسەر دەبێت



پەرلەمانتارەکی کورد لە لیژنەی دارایی عێراق ئایدەگەیەنێت، دوای پەسەندکردنی هەمواری یاسای بودجە چاوەڕوان کێشەی موچەی لە هەرێمی کوردستان بە تەواوی چارەسەربێت.

د. نەرمین مەعروف، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق لەهەژماری تایبەتی خێی لەتێی کەمەڵایەتی فەیسبووك نووسیویەتی، "ئەمڕۆ چوار شەممە لیژنەی دارایی پەرلەمان یەکەم کۆبوونەوەی سازکرد تایبەت بە گفتوگۆکردنی هەمواری یاسای بودجەی گشتی بۆ ساڵی 2024".

ئاشیگیاندوو، "پشکی هەرێمی کوردستان لەم بودجەیەدا زیاتر لە 20 تریلیۆن و 910 ملیار دینارە، لەو بڕەش زیاتر لە 14 تریلیۆن و 840 ملیار دینار تەرخانکراوە بۆ بواری خەرجی بەگەڕخستن، کە زیاتر لە 11 تریلیۆن و 500 ملیار دینار بۆ موچەی فەرمانبەران و خانەنشینان و سوودمەندانی تێی چاودێری کەمەڵایەتی تەرخانکراوە".

ئاشکراشی کردوو، لەو بڕە پارەی بۆ موچێ تەرخان کراوە، مانگانە دەکاتە زیاتر لە 965 ملیار

دینار.

جێختیشی کردەتەوە، "پشتبەست بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و جێبەجێکردنی ڕکارەکانی بە بانکیکردنی مووچە چاوەڕوان دەکرێت بە پەسەندکردنی هەمواری یاسای بودجە کێشەی مووچە لە هەرێمی کوردستان بە تەواوی چارەسەربێت".